گۆڤارێکی منداڵانەی مانگانەیە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات



# منداڵی سەردەم

١٤٦
ک ٢
٢٠٢٢



## بلووش

ساڵی نوێتان پیرۆز بێت

١٤٦
ک ٢
٢٠٢٢

خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

سەرۆکی فەخری
شێرکۆ بێکەس

سەرۆکی دەزگا
ئازاد بەرزنجی

سەرنووسەر
هەڵکەوت عەبدوڵڵا

نەخشەسازیی هونەری
سەرنووسەر

وێنەکێش
گۆران ئەحمەد



# منداڵی سەردەم

گۆڤارێکی منداڵانەی مانگانەیە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات

## لەم ژمارەیەدا


| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١- | دەستپێک | ٣ |
| ٢- | مێرووله و جوتیار | ٤-٥ |
| ٣- | گوڵدانی زانین | ٦-٧ |
| ٤- | ڕەچەڵەکی شتەکان | ٨-٩ |
| ٥- | جیرۆکی گۆیژی | ١٠-١١ |
| ٦- | تاقیگەی بڕیار: حیکایەتی ژەنگگرتن | ١٢-١٣ |
| ٧- | جیهانی سامان | ١٤-١٥ |
| ٨- | هەسارەی گوڵە جوانەکان | ١٦-١٧ |
| ٩- | ماڵی ئێمە - حەپۆل | ١٨-١٩ |
| ١٠- | پۆستەری ژمارە: بلووش | ٢٠-٢١ |
| ١١- | من ورچێکی تەمبەڵم | ٢٢-٢٩ |
| ١٢- | تاقیکردنەوەی ژیری | ٣٠-٣١ |
| ١٣- | ئامۆژگارییەکانی ژیاری ژیر | ٣٢-٣٣ |
| ١٤- | ترێ | ٣٤ |
| ١٥- | سینەمای منداڵان: فیلمی (CO CO) | ٣٥ |
| ١٦- | ١٠ جیاوازی | ٣٦-٣٧ |
| ١٧- | بە دەستی خۆم | ٣٨ |
| ١٨- | بەهرەی هونەری | ٣٩ |
| ١٩- | چیرۆک بە بێ وتە | ٤٠ |


بۆ پەیوەندیکردن
ژمارەی تەلەفوونی سەرنووسەر
٠٧٧٠١٥٣٦٠٤٤
halkauta@gmail.com

ئەو بابەتانەی پێمان دەگەن
نایان گێرینەوە بۆ خاوەنەکانیان

ناونیشان
سلێمانی — شەقامی سالم
بەرامبەر بە یانەی ئەندازیاران

لەم ماڵپەڕەدا دەتوانیت بیخوێنیتەوە
www.sardem.org

نرخی (١٠٠٠) دینارە



دەستپێك

# ساڵی نوێتان پیرۆز بێت

**به بۆنەی ساڵی نوێوە (ساڵی ٢٠٢٢)**

**گەرمترین پیرۆزبایی و چەپکێک خۆشەویستیتان پێشکەش دەکەین.**
**هیوادارین ساڵی کۆتاییهاتنی ناخۆشیەکانتان و هاتنەدیی خەون و ئاواتەکانتان بێت.**

## هێلکە شەیتانۆکە دەپرسێت

هێلکە شەیتانۆکەی ژێر حەزی لە پرسیارکردنە، دەڵێی چی پرسیارێک دەربڕین و ئاڕاستەی هاوڕێیان و کەسوکارتی بکەین، تا بزانین چۆن وەڵامی دەدەنەوە. دەکرێت وەڵامەکە بەم ئیمەیلە بنێرن بۆ گۆڤارەکە:

halkauta@gmail.com

**دەڵێی چی ئاواتێکی دڵت هەڵبژێریت و بینێریت بۆ کەسێکی ئازیزت ؟؟**

# میرووله و جوتیار

### لە عەرەبییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

لە کێڵگەیەکدا، کە بە گوڵەگەنمی ئاڵتونی ڕازابووەوە، مێرووولەکان لە شارەکەی خۆیان و لەناو کێڵگەیەکدا بە ئارامی و ئاسوودەیی دەژیان و خواردنیان بۆ زستان پاشەکەوت دەکرد. جوتیار چەند ڕۆژێک پێشتر مێرووولەکانی بینی کە دەنگە گەنمیان بۆ شارەکەی خۆیان دەگواستەوە. بۆیە توڕە بوو، بڕیاری دا لە کێڵگەکەی خۆی دەریان بکات. لەبەر ئەوە لە تەنیشت شارە مێرووولەکان دانیشت و بیری لە پلانێک کردەوە کە بە یەکجاری و بۆ هەمیشە ڕزگاری بێت لە دەستیان.

مێرووولەیەکی پڕ وزەی بینی، کە دەنکە گەنمێکی گەورەی هەڵگرتبوو، گرتی و دوای ئەوەی نزیکی کردەوە لە دەموچاوی، پێی وت:

– ئەوە شەرم ناکەن گەنم لە کێڵگەکەم دەدزن؟»

– کاکی جوتیار، ئەی بۆ نازانی ئێمە چ خزمەتێکی بەسوود بە کێڵگەکەی تۆ دەکەین.

– من خزمەتی مێرووولە دزەکانم ناوێ!

پاشان جوتیار مێرووولەکەی فڕێدایە سەر زەوی و ڕۆیشت، تا پلانێک بۆ لەناوبردنیان دابنێت. مێرووولەش دەستبەجێ ڕۆیشتەوە بەرەو شارەکەی خۆی و بە پادشای وت کە چی ڕووی داوە.

پادشا ترسا لە توڕەبوونی جوتیارەکە، کە دەبووە مایەی مەترسی بۆ گیانی مێرووولەکان، فەرمانی کرد کە جارێ بە هیچ شێوەیەک نەچنە دەرەوە، تا بزانن جوتیارەکە بە نیازی چییە.



بۆ بەیانیەکەی زوو جوتیارەکە هاتەوە و مریشکێکی برسی و چڵێسی لەبەردەم شارە مێروولەکان بەرەڵاکرد، کە دەنووکی وەک بزمار تیژ بوو. بە دەنووک کەوتە سەر گەنمەکان. پادشا چاودێری دۆخەکەی دەکرد، مریشک بەلای ئەوانەوە وەکو دایناسۆر ترسناک بوو، بۆیە مێروولەکان لە ترسی دەنووکی مریشک لە شارەکەیان نەدەچوونە دەرەوە. ئینجا پادشا فەرمانی کرد کە تونێلێک لەژێر زەوی لێ بدەن، بۆ پاراستنی گیانی خۆیان و بگوازنەوە بۆ کێڵگەکەی تەنیشتیان. مێروولەکان شوێنی خۆیان بۆ نیشتمان وماڵی تازە گواستەوە و گەڕانەوە بۆ ژیانی پڕ جوڵە و کۆشش و لە بەیانییەوە تا ئێوارە کاریان دەکرد، گەنم و پاشماوەی مێرووی مردوو، کرم و مێرووی زیانبەخشیان لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان کۆدەکردەوە.

ڕۆژەکان بە خێرایی تێدەپەڕین و وەرزی زستان هات و جوتیار هەڵسا بە ناشتنی دەغڵ و دان و چاوەڕێ بوو تا هاوین گەنم بدورێتەوە، بەڵام ئەوەی سەیر بوو بەلایەوە دەغڵەکەی باش نەبوو، مێرووی زیانبەخش زیانێکی زۆری پێ گەیاندبوو. بۆیە خەمبار بوو بەوەی بەسەری هاتبوو و بیری کردەوە چۆن چارەسەری بکات. تا ڕۆژێکیان ئەو مێروولەیەی جوتیارەکە هەڕەشەی لێ کردبوو بە لایدا ڕەتبوو، بینی جوتیارەکە غەمبار دیارە. لێی نزیک بووەوە و بە دەنگی بەرز هاواری کرد: «بۆچی غەمبار دەردەکەویت کاکەی جوتیار؟»

– بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ زۆر خراپ بوو، گوڵەگەنمەکان پڕنەبوون و ژمارەی مێرووە زیانبەخشەکان زۆربوون و زیانیان بە بەرهەمەکانم گەیاند.

مێروولەکە پێکەنی و وتی: «تۆ حەزت لە خزمەتەکانی ئێمە نەبوو و لە کێڵگەکە دەرتکردین.»

جوتیارەکە هاتەوە بیری، کە ساڵی ڕابردوو چی لەگەڵ مێروولەکان کردبوو، ئەو کاتەی کە بەرهەمی زۆربوو، مێرووی زیانبەخشیش زۆر کەمتربوون. مێروولەکەش پێی وت کە لەو خزمەتانەی مێروولەکان بۆ جوتیاری دەکەن لێدانی تونێلە لەژێر زەوی، کە یارمەتیدەرە بۆ هەواگۆڕکێی زەوی و خاک بەرهەمدارتر دەکات. جگە لەوەش خۆراکمان لەسەر مێرووە زیانبەخشەکانە، بەمەش ژمارەیان کەم دەبێتەوە و لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی هاوسەنگیڕاگرتنی ژینگە.

جوتیار کە بە مەی زانی پەشیمان بووەوە لە ڕەفتاری خراپی لەگەڵ مێروولەکان و داوای لە مێروولەکە کرد بە پادشا بڵێت بگەڕێنەوە بۆ کێڵگەکە و ئەو هەرگیز ڕێگرنابێت لەوەی لە کێڵگەکەدا بەشداری ئەو بن. مێروولە بەپەلە چوو بۆ لای پادشا و پەیامی جوتیارەکەی پێ گەیاند. پادشاش فەرمانی بە مێروولەکان کرد بگەڕێنەوە بۆ شارە کۆنەکەی خۆیان.

لەو ڕۆژە بەدواوە جوتیارەکە هەرکاتێ چاوی بە مێروولەکان دەکەوت، کە بە کۆشش و چالاکانە کاریان دەکرد، خۆشحاڵ دەبوو.



# گۆڵدانی زانین

له عەرەبییەوە
خونچە مەحمود

## ١ ئەو خۆراکانەی بەرگریی لەش بەهێزدەکەن!

خواردنی خۆراکی دەوڵەمەند بە ڤیتامین و کانزاکان یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کۆئەندامی بەرگری بە باشی کارەکانی خۆی ئەنجام بدات. زانایان ئەو خۆراکانە دەستنیشان دەکەن کە بەرگریی لەش بەهێز دەکەن. وەك ئەو خۆراکانەی ڤیتامین (A)یان تێدایە و توانای لەش بەرامبەر بە شێرپەنجە و ڤایرۆسەکان بەهێز دەکەن، لەوانە جگەر، گوێزەر، مانگۆ، هەڵوژە، تەماتە، بیبەری زەرد و قۆخ.

سیر و پیاز بۆ تەندروستیی لەش زۆر بەسوودن، چونکە دەوڵەمەندن بە پێکهاتەکانی کبریت و دژە ئۆکسیدەکردن، هەروەها هەموو جۆرەکانی ماسی لەبەر دەوڵەمەندبوونی بە ئۆمیگا٣، کە بەسوودە بۆ بەهێزکردنی خرۆکە سپییەکانی خوێن، ئەوانەی بەرگریی لەش بەهێزدەکەن. خۆراکە بەسوودەکانی تر بریتین لە قەرنابیت، برۆکلی، لیمۆ، هەنگوین، شیر و چای سەوز.





## ٢ بەهێزترین بەرکەوتنی بەردەئاسمانی بە ڕووی مانگدا!

چەند زانایەکی ئەستێرەناسیی ئیسپانی چاودێریی کەوتنەخوارەوەی بەردەئاسمانییەکیان بۆ سەر ڕووی مانگ کردووە و پێیان وایە لە ڕووی هێزەوە ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمارکردووە. هەمیشە بەرکەوتنی بەردەئاسمانی بە ڕووی مانگدا ماوەیەکی زۆر کورت دەخایەنێت (بەشێك لە چرکە)، بەڵام ئەو بەرکەوتنەی دوایی زیاتر لە هەشت چرکەی خایاندووە و بە ئەندازەیەك ڕوون بووە کە لەسەر ڕووی زەوییەوە بەدیکراوە. قەبارەی ئەو بەردەئاسمانییە نیو تەن بووە و خێراییەکەی ٦١هەزار کم/سەعات بووە و توانای تەقینەوەی ١٥ تەن بووە، واتە سێ هێندەی تەقینەوەی پێشتر کە ناسا بەدیکردبوو و ٤٠ کیلۆ بوو.



## لە هەر باخچەی گوڵێک

* لیموور گەورەترین ئاژەڵە کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بڵاوکردنەوەی تۆوی گوڵەکاندا. ئەم ئاژەڵە لە دوورگەی مەدغەشقەری زەریای هیندی ڕووبەڕووی کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا دەژی.

* مێشک وزەیەکی ئەوەندە بەرهەم دەهێنێ بەشی داگیرساندنی گڵۆپێکی کارەبایی بکات.

* وڵاتی فنلەندا ساڵانە پێشبڕکێیەک سازدەکات بۆ فڕێدانی مۆبایل.

* مندالی ساوا هەستی چێژوەرگرتن بە ڕوومەتیانەوەیە.



## گەورەترین وێستگەی وزەی کارەبا لە جیهاندا!

3

بیابانی موهافی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاهەنگی کردنەوەی گەورەترین وێستگەی کارەبای خۆریی لە جیهاندا گێڕا. وێستگەکە ناوی (ئیڤانبا)یە و لەسەر ڕووبەری ٥،٥ میل چوارگۆشە لە سنووری نێوان نیڤادا و کالیفۆرنیا بنیاتنراوە و نزیکەی ٢،٢ ملیار دۆلاری تێچووە. وێستگەکە بۆ کارکردن پشت بە ٢٠٠هەزار لەوحەی خۆری دەبەستێت، کە تیشکی خۆر دەگەیەنن بە سێ تاوەر، تاوەرەکانیش تیشکی خۆر بەکاردەهێنن بۆ گەرمکردنی ئاوی تاوەرەکان و ئاراستەکردنی هەڵمەکەی بۆ خستنەکاری مولیدەی وزەی کارەبایی کە کارەبا بۆ ١٤٠هەزار خانوو دابین دەکات.



## بەدووربە لە نینۆک کرۆشتن و لێو مژین!

4

زۆرجار هەندێك خووی خۆنەویستی ئەوانەی دەوروبەرت نیگەرانت دەکات، بەڵام هەندێك خوو هەیە کە زیانبەخشە بۆ تەندروستی، وەك نینۆك کرۆشتن و لێومژین.

پزیشکەکان دەڵێن، کاتێك نینۆك کرۆشتن دەبێتە خوو، زیان بە نینۆکەکان و پێستی دەوریان دەگات، هەروەها میکرۆبەکانی ناو دەم دەگوێزرێنەوە بۆ پێست، میکرۆبەکانی دانیش دەگوێزرێنەوە بۆ ناو دەم، ئەمەش دەبێتە هۆی نەخۆشکەوتنی قورگ و لێو و پێست. لێومژینیش دەبێتە هۆی ئەوەی ئینزیمەکانی دەم کار لە لێو بکەن و تووشتی وشکبوونو قڵیشان ببێت.





لووی هەرسکردن لەخۆدەگرێت.

# پێنووس
# PEN





## 4000 پ.ز

لە ناوچەی نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات دا سۆمەرییەکان ڕووداوەکانیان لەسەر ڕووی تەنی دروستکراو لە لیتە و قوڕی ڕووبار، بە بەکارهێنانی ئامێرێکی تیژ، تۆماردەکرد، بەم نووسینەش دەوترا بزماری.



## 3000 پ.ز

لە میسری کۆن داری قامیش وەك ئامرازی نووسین لەسەر گەڵای لەبان بەکاردەهێنرا و نووکی دارقامیشەکە تیژدەکرا و دەکرا بەناو مرەکەبدا و لەسەر گەڵای لەبان پێی دەنووسرا.



جامی مرەکەبی فیرعەونی



پێنج قەڵەم لە دار قامیش کە بە کەتان بەستراونەتەوە.

## 1300 پ.ز

ڕۆمانیەکان لەسەر پارچەیەك داری بە مۆم سواخدراو بە ئامرازێکی تیژ شتیان دەنووسی، کە دەکرا بە سەرەکەی تری بکوژێنرێتەوە.











لەم ساڵەدا پێنووسی وشك داهێنرا
کە تۆپێکی زۆر بچووك بەسەر سەرەکەیەوەیە و
بە هۆیەوە مرەکەب لە عەمباری مرەکەبەوە
دێتە سەر ڕووی لاپەڕەی نووسینەکە.

## 1888 ز

لەم ساڵەدا پێنووسی مرەکەب داهێنرا،
کە لەناویدا لوولەیەکی بچووکی پڕ لە مرەکەب
هەیە و دەکرێت بۆ ماوەیەکی درێژ
پێی بنووسرێت.

## 1884 ز





### نووکی کانزایی

باڵی باڵندە گۆڕرا بە نووکی کانزایی
کە زیاتر بەرگەی دەگرت و پاش خستنە ناو
مرەکەب بۆ نووسینی هەزاران وشە بەکاردەهێنرا.

## سەدەی 18 ز



## سەدەی 5 ز

هەندێك جار پشت بە پەڕی چەند جۆرێك
باڵندە بەستراوە بۆ نووسین، وەك پەڕی
قاز ، کونەپەپوو، قەلەباچکە و داڵ.
پەڕەکان دەخرانە ناو لمی گەرم
تا ڕەق بن و بەرگەی بەکارهێنان بگرن.



# چیرۆکی گۆیژی

لە فارسییەوە: هیوا محەمەد

یەکێک بوو، یەکێک نەبوو.. یەکێک هەبوو ناوی حەسەنی بوو. حەسەنی بچووکی بچووک بوو. لە تۆ بچووکتر، لە قاچەکانت بچووکتر، لە دەستەکانت بچووکت، لە لالەنگیش بچووکتر.

حەسەنی بە قەدەر یەک میزەڵدان دەبوو، وەک میزەڵدانیش وابوو، خڕ و خۆڵ، قژیشی پرتەقاڵی بوو. هەر لەبەرئەوە ناویان نابوو حەسەنی گۆیژی.

حەسەنی بۆنی دەکرد. لەهەر شوێنێک بۆنی میزەڵدانی بکردایە، تلی دەخوارد و دەگەیشتە ئەوێ. لە خۆشحاڵیدا وەک تۆپی لێ دەهات. دەچووە هەوا، دەهاتە خوارەوە بۆ زەوی و دەیوت:

– ئای گیان! من هاوڕێیەکم دۆزییەوە، وەک خۆم، شێوەی خۆم.

ڕۆژێک حەسەنی بۆنی میزەڵدانێکی کرد و ڕۆیشت تا گەیشت بە یەک قەڵەمی پرتەقاڵی. قەڵەمە پرتەقاڵیەکە تازە لە سندوق هاتبووە دەرەوە. هێشتا هیچ کەسێکی نەبینیبوو، نووکیشی دەرنەهێنابوو.

حەسەنی وتی: «سڵاو! من حەسەنی گۆیژییم. چەندە جوانیت! وەک ڕەنگی من وەهایت.»

قەڵەمە پرتەقاڵییەکە وتی: «منم قەڵەمی پرتەقاڵی، گۆیژی.»

حەسەنی بە باشی سەیری پرتەقاڵی کرد و وتی: «تۆ زۆر لاوازیت، پرتەقاڵی! نووکیشت نییە، نان بخۆ، گیان پەیدا دەکەیت، قەڵەو دەبیت و نووک دەردەکەیت.»

پرتەقاڵی بە باشی سەیری حەسەنی کرد و وتی: «خۆزگەم بە خۆت گۆیژی، تۆ خڕوخۆڵ و خەپانیت، لەو خۆراکەت بەشی منیش دەدەیت گۆیژی؟»

حەسەنی وتی: «بەڵێ پێت دەدەم. حەزت لە چییە؟ ماکارۆنیت بۆ بهێنم؟»

پرتەقاڵی وتی: «بەڵێ گۆیژی بۆم بهێنە!»

حەسەنی وتی: «کفتەش زۆر بەلەزەت و بەتامە، بۆت بهێنم؟»

پرتەقاڵی وتی: «بەڵێ گۆیژی بۆم بهێنە!»

حەسەنی وتی: «خۆرشت قیمە؟»

پرتەقاڵی وتی: «بەڵێ گۆیژی بۆم بهێنە!»

حەسەنی وتی: «گۆشت و پڵاو؟»

پرتەقاڵی وتی: «بیهێنە بیهێنە گۆیژی!»

حەسەنی وتی: «ماست و کەباب؟»

پرتەقاڵی وتی: «بەڵێ بیهێنە! هەرچی هەیە، برۆ گۆیژی بهێنە!»



حەسەنی وتی: «باشە پرتەقاڵی گیان، ئێستا دەڕۆم و هەموویت بۆ دەهێنم. هەر لێرە بمێنەرەوە تا دێمەوە.»
حەسەنی تلێکی خوارد و ڕۆیشت، ڕۆیشت و بە زوویی لەگەڵ شتێکی خڕ گەڕایەوە.
ئەوەی نیشانی پرتەقاڵی دا و وتی: «وەرە هێنام.»
پرتەقاڵی سەیرێکی شتەخڕەکەی کرد و وتی: «ئەمە ماکەرۆنیە گۆیژی؟»
حەسەنی وتی: «بەڵێ.»
پرتەقاڵی وتی: «کفتەیە گۆیژی؟»
حەسەنی وتی: «بەڵێ.»
پرتەقاڵی وتی: «بە دڵنیاییەوە قیمە و گۆشت و کەبابیشە گۆیژی؟»
بە شتە خڕەکە خرت خرت، پرتەقاڵی خرت خرت تاشی.
پرتەقاڵی ختووکەی دەهات، وتی: «ئەوە چی دەکەیت گۆیژی؟!»
هاهاها دەستی کرد بە پێکەنین.
- خرت خرت، خرت خرت.
حەسەنی پرتەقاڵی تاشی و تاشی تا نووکێکی تیا دەرکەوت.
پرتەقاڵی لە خۆشحاڵیدا هاواری کرد: «منم نووکم هەیە. دەستەکانت نەیەشێت گۆیژی.»
حەسەنی وتی: «ئێستا ئیتر هەرچی دەتەوێت بۆ خۆت، خواردن وێنەبکێشە!.»
پرتەقاڵی وتی: «بە چاوان گۆیژی، دەیکێشم، بەڵام سەرەتا بۆ تۆی دەکێشم.»
دواتر سەیرێکی حەسەنی کرد و گۆیژێکیشی بۆ کێشا. وێنەی گۆیژەکەی دا بە حەسەنی، وتی:
- ئەمەش یادگاری پرتەقاڵی!
حەسەنی وێنەکەی وەرگرت و سەیرێکی کرد، ئینجا وتی: «چەندە جوانە! دەستەکانت نەیەشێت.»
دواتر ماڵئاوایی لە پرتەقاڵی کرد و ڕۆیشت، تا یەک هاوڕێی گۆیژی پەیدا بکات.




تاقیگەی بڕیار
تاقیگە
حیکایەتی ژەنگگرتن
خەریکی چیت بڕیار؟
دەرگای تاقیگەکە ژەنگی گرتووە دەبێت بۆیاخی بکەم.
ژەنگ چییە مامۆستا زیرەکەکەم؟
ژەنگ گۆڕانکارییەکی کیمیاییە بەسەر هەندێک مادەدا دێت و مادەی جیاواز دروست دەبێ.
کاتێک هەوا و شێ لە ئاسن دەدات ڕەنگە خۆڵەمێشییەکەی دەگۆڕێت بۆ سوور.
بڕوانە ئەم پارچە ئاسنە کە ژەنگی گرتووە. ژەنگ ئاسنی بەهێز فشۆڵ دەکات.
O2 +
شێ
ئاسن
= ژەنگگرتن
ژەنگگرتن لەسەرخۆ ڕوو دەدات، ئەنجامی کارلێککردنی ئۆکسجین و ئاسن بە یارمەتیی شێی دەوروبەر.


تاقیگە
منیش لە ئاسن
دروستکراوم، ئەی بۆچی
ژەنگ ناگرم
بڕیار؟
بۆیاخەکەش دەبێت
ڕۆنی بێت ڕۆبۆتەکەم.
بۆیاخ ڕێگە لە شێ
دەگرێت بگاتە ئاسن،
بەو جۆرەش ئۆکسجین
کارناکات و ژەنگ
دروست نابێت.
تێگەیشتم، وەک چۆن
جلوبەرگ لە سەرما
دەمان پارێزێ، بۆیاخیش
ئاسن لە ژەنگگرتن
دەپارێزێ.
ئێستا زانیم
بۆچی خەڵک ئۆتومبیل،
دەرگا، پەنجەرە و
کەرەستە کانزاییەکان
بۆیاخ دەکەن.
مرۆڤ ئەنجامی
بیرکردنەوە و داهێنان
توانی ئەم شێوازە
بۆ ڕیگەگرتن لە ژەنگگرتن
بدۆزێتەوە.



# جیهانی سامان

سامان جیهانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە تیایدا گیانلەبەران و شتە نازیندووەکانیش دەدوێن. ئەو لەگەڵ دوو خوشکەکەیدا بە چەندین هەڵوێستی دەوڵەمەند بە پەند و ئامۆژگاریدا تێدەپەڕێت، کە پاڵەوانەکانی شتانێکن بە بیری کەسدا نایەن.

وەرگێڕانی: ئازاد تەها

## قوتووی ڕەنگەکان





تۆ کوڕێکی بەهرەمەندیت، جوانترین وێنە دەکێشیت و ڕەنگەکان بە باشی دەگونجێنیت.
لەنێو دیوارە داخراوەکانی ژوورەکەت وەرە دەرەوە، با بچین بۆ باخچەکە، ناو دیمەنی جوان.
کارتۆنێکی سپی بهێنە و لێگەڕێ با بەهرەکانت گوزارشت لە خۆیان بکەن.
لێرەدا خۆرێک دروست دەکەم کۆمەڵە منداڵێک لەبەر ڕووناکیەکەیدا یاری دەکەن.
هەموومان لەگەڵ تۆین و پشتیوانیت دەکەین تا جوانترین تابلۆ بکێشیت.
ئێستا نۆرەی منە بۆ کێشانی گیای سەوز.
بەڵکو نۆرەی منە بۆ کێشانی کراسی سوری کچانە.
پاش کەمێک
ڕاتان چییە هاوڕێیان؟
شاکارێکی هونەرییە! دەستەکانت خۆشبن.
لەمەودوا پەرە بە بەهرەکانم دەدەم لەوێنە کێشاندا و پێکەوە جوانترین تابلۆکان دەکێشین.
ئێمەش لەگەڵتداین، هاوکاریت دەکەینو هەرگیز وازت لێ ناهێنین.



# هەسارەی گوڵە جوانەکان

لە عەرەبییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

هەمیشە حەزدەکەم ئاسمانگەڕ بم، بەڵام باوکم پێم دەڵێت: «کاتێ گەورەبووی دەگەی بەهەر ئارەزووییەک کە خۆت بتەوێ.» قسەکانی باوکم قایلکەر بوو، بەڵام ئارەزووم بوو ئەو خەونەم ئێستا، کە منداڵم، بەدی بهێنم.
ڕۆژێکیان، لە کاتێکدا لە بازاڕ دەگەڕام، ئاگادارییەکم بینی، کە هی بریکاری ئاژانسی ئاسمانەوانی بوو، لێی نووسرابوو: پێویستیان بە منداڵێکی خۆبەخشە بۆ ئەنجامدانی کارێک لە بۆشایی ئاسمان. بە پەلە چوومەوە ماڵەوە ئاگادارییەکەم بە باوک و دایکم وت. لە ڕاستیدا قایلکردنی ئەوان زەحمەت بوو بۆ ڕەزامەندی نواندنیان بە گەشتکردنم بۆ بۆشایی ئاسمان. باوکم لەگەڵمدا هات بۆ دەزگای ئاژانسی ئاسمانەوانی و داوام پێشکەش کرد بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، کارەکەش گەڕان‌و پشکنین بوو بۆ دەستخستنی بەڵگەی سەلمێنەری بوونەوەرە ئاسمانییەکان. ئەمە سەرکێشی بوو، منیش شەیدای سەرکێشیی بۆشایی ئاسمانم. پاش چەند ڕۆژێکی کەم لە دەزگای ئاژانسی ئاسمانەوانیەوە ئاگاداریان کردم کە منیان بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژاردووە. زۆر خۆشحاڵ بووم و ماڵئاواییم لە خێزانەکەم کرد و هەڵسام بە ئەنجامدانی هەندێک تاقیکردنەوەی بەر لە گەشت بۆ بۆشایی ئاسمان و سەرکەوتوو بووم. ئینجا بەر لە گەشتەکەم جارێکی تر ماڵئاواییم لە دایک و باوکم کرد و پێم وتن: «من باشم و نیگەرانی من مەبن، بەم زووانە دەگەڕێمەوە تا سەرکێشییەکانی خۆمتان بۆ باس بکەم.»
موشەک بە خێراییەکی خەیاڵی لە زەوی بەرزبووەوە تا من بەرێتە بۆشایی ئاسمان. لە کاتێکدا چێژم لە دیمەنە جوانەکان وەردەگرت، گالیسکەیەکی سەیرم لە شێوەی گوڵەبەڕۆژەدا بینی، کە نزیکی گالیسکەکەی من بووەوە.
پاشان دەنگێکی بەرزم هاتە بەر گوێ و کتوپڕ بوونەوەری ئاسمانی قەبارە بچووکی شێوە سەیرم لەناو گالیسکەکەدا بینی. بۆنی عەتریان لێ دەهات. یەکێکیان پێی وتم:





– تۆ سیخوڕی بەسەرمانەوە دەکەی؟
– نا من بۆ کارێکی گرنگی زانستی لێرەم.
یەکێکیان بازی هەڵدا و وتی: «تۆ دەبەینە هەسارەکەی خۆمان تا پادشا بتبینێ و بڕیار بدات لەسەرت.»
لە ماوەی خولەکێکدا ئێمە لە هەسارەیەکی سەیر، بەڵام جوان بووین. ئەم هەسارەیە بە جوانترین گوڵ و گوڵزار ڕازابۆوە، درەختەکانی وەک گوڵی زەبەلاح وابوون و ماڵەکانیشیان لە گەڵای گوڵ دروستکرابوون، مەلەکانیش لەسەریان وەک گوڵ وابوون. تەنانەت خۆر لە شێوەی گوڵی گەورە و ئەستێرەکانیش وەک گوڵی ڕۆشن و کۆشکی پادشاکەشیان وەک گوڵی زەبەلاح بوو.
لەبەردەم پادشا وەستام، کە وەک گوڵاڵەسوورە وابوو، پاسەوانەکانیشی وەک گوڵە مێخەک وابوون، پێی وتم:
– چیت دەکرد لە بۆشایی ئاسمان، ئەی پیرەمێرد؟
– من منداڵێکی بچووکم و پیر نیم. بۆ کارێکی ئاشتیخوازی زانستی لە بۆشایی ئاسمانم.
ئینجا پێی وتم: «تۆ لە هەسارەی زەویت و ئێمە متمانەت پێ ناکەین، چونکە ئێوە شەڕخوازن.»
– بەڵام من منداڵم و شەڕخواز نیم، حەزیشم لە شەڕ نییە.
پادشا سەیرێکی ڕاوێژکارەکانی خۆی کرد کە لە شێوەی گوڵی یاسەمین بوون و وتی:
تۆ دەخەینە بەر تاقیکردنەوەی گوڵی دانا. ئەگەر گوڵەکە بۆنی خۆشی دا، ئێمە بڕوات پێ دەکەین، ئەگەر بۆنی ناخۆشی هەبوو، ئەوا بڕیارێکی دادوەرانەت بۆ دەردەکەین. پاشان منیان لەبەردەم گوڵی لالە دانا، کە بۆنێکی خۆشی دا و خۆشحاڵ بووم و هاوارم کرد: «بژی دادپەروەری.»
پادشا وزەی لە جوانترین گوڵەکان پێشکەش کردم و بە منی وت: «پاسەوانەکان لەگەڵتدا دەبن تا گەیشتنت بە گالیسکەکەت و گەڕانەوەت بۆ ناو خێزانەکەت بەسەلامەتی. ئومێدەوارم کە هەموو خەڵکی سەر زەوی وەک تۆ باش و ڕاستگۆ بن.
خواحافیزیم لە هەسارەی گوڵە جوانەکان کرد و کۆتاییم بە کارەکەم هێنا و بە گالیسکەکەی خۆم گەڕامەوە سەر زەوی و ئەو گوڵانەی پادشای هەسارەی گوڵەکان پێشکەشی کردبووم لەگەڵ خۆمدا هێنامەوە و چووم تا جوانییەکانی ئەو هەسارەیە و میهرەبانی دانیشتوانەکەی بە هەموان ڕابگەیەنم. دایکم لەباوەش کرد و وتم: «دەبێت کاربکەین تا هەسارەکەمان بکەین بە گوڵی باشە و ئاشتی.





# ماڵی ئێمە

گوێچکە ماسی مام شەیتانۆکە زۆر جوان بوو.
ماڵێکی جوانی دیوار سپی و شین. دوو ژووری
بچکۆلە، چێشتخانەیەکی پاک و باخچەیەکی خنجیلانە.
مام شەیتانۆکە زۆر بە گوێچکە ماسییەکەی دەگەیشت.
وریابوو کە پەڵەیەکیشی بەرنەکەوێت. بۆ هەر شوێنێک
دەچوو، ماڵەکەشی لەگەڵ خۆی دەبرد. ڕۆژێک مام
شەیتانۆکە حەزی لە سەوزە خواردن بوو. بە خۆی وت:
– ئەمڕۆ زۆر ماندووم. ناتوانم گوێچکە ماسییەکەم
لەگەڵ خۆم ببەم. باشترە ئەوە لە شوێنێکدا بشارمەوە و
بە تەنیا بڕۆم.»
گوێچکە ماسییەکەی لەژێر گەڵاکاندا شاردەوە. دڵنیابوو
کە جێگایەکی پارێزراوە. پاشان بە مێشکێکی سافەوە
لەوێ دوورکەوتەوە. ڕۆیشت و تا ویستی سەوزەی
خوارد. پاشان بۆ ماڵەکەی گەڕایەوە،



بەڵام کاتێک گەیشت، لە سەرسوڕماندا وشک بوو.
خاتوو شەیتانۆکەیەک لەناو گوێچکە ماسییەکەدا
دانیشت بوو. مام شەیتانۆکە لە تووڕەییدا گەشکە گرتیو
قیژاندی: «تۆ چی دەکەیت لێرە؟ ئێرە ماڵی منە.
ماڵە ئازیز و جوان و بەڕێزەکەی من!»
خاتوو شەیتانۆکە دەستەوەستان بوو، وتی:
– لەو بڕوایەدا بووم کە ئەم گوێچکە ماسییە چۆڵە!
من گوێچکە ماسییەکەم ونکردووە!» و ڕۆیشت.
مام شەیتانۆکە بە بۆڵەبۆڵ چووە ماڵەکەی. ژوورەکانی
پاککردەوە، ئاوی باخەکەی دا، دەرگا و دیواری
چێشتخانەکەی سڕییەوە، بەڵام هەرچیەکی کرد،
نەی دەتوانی خاتوو شەیتانۆکە لەبیر بکات.



وازی لەماڵەکەی هێنا و چوو بە دواییدا. دوای سێ ڕۆژ ئەوی دۆزییەوە.
خاتوو شەیتانۆکە بە هێمنی و خەمباری بە درەختێکدا سەرکەوت. مام شەیتانۆکە لە خۆشیدا زمانی بەسترا.
لەژێر درەختەکەدا وەستا و هاواری کرد: «ماڵەکەی من زۆر گەورەیە، بەڵام ماڵی چۆڵ بە کەڵکی چی دێت؟»
خاتوو شەیتانۆکە بە سەرسوڕمانەوە سەیری کرد. دەموچاوی مام شەیتانۆکە میهرەبان بوو. مام شەیتانۆکە سەری دانەواند و پرسی: «بم بەخشە! هاوسەرگیریم لەگەڵ دەکەیت؟» خاتوو شەیتانۆکە وتی: «بەڵێنم پێ دەدەیت ئیتر نەقیژێنی؟» مام شەیتانۆکە وتی: «بەڵێ، ئێستا تۆ دەم بەخشیت؟ شووم پێ دەکەیت؟»
خاتوو شەیتانۆکە وتی: «بەڵێ.»
مام شەیتانۆکە لە خۆشیدا بەسووکی قیژاندی.

# حەپۆل

کاریلەیەکی بچکۆلە سەبەتەیەک عەلەفی پێ بوو. سەبەتەکەی لەسەر سەری دانابوو، خەریک بوو بۆ ماڵەوەی دەبرد. لەناکاو قاچی کەوتە چاڵێکەوە، خلیسکا. عەلەفی ناو سەبەتەکەی پەرتوبڵاوبۆوە بەسەر زەوییەکەدا چووە ژێر دەست و قاچییەوە. دایکە خۆڵەمێشییەکەی هەر کە ئەوی بینی پێکەنی و وتی: «حەپۆل!»
کاریلە نەی دەزانی حەپۆل مانایی چییە! سەیری دەست و قاچی خۆی کرد. تەنها خورییە سپییەکەی ڕەنگی عەلەفەکەی گرت بوو، سەوز. بیری کردەوە بێگومان حەپۆل واتە سەوز. کاریلە سەبەتەکەی هەڵگرتەوە و چوو بۆ کەنار ڕووبارەکە، دەست و قاچی شت. دەیویست بۆ لای دایکە خۆڵەمێشییەکەی بگەڕێتەوە، کە لەناکاو خلیسکا و کەوتە ناو ئاوەکەوە. ماسییەک لەناو ئاوەکەدا بوو، وتی: «ئەی حەپۆل!»
کاریلە تەڕبوو، لە ئاوەکە هاتە دەرەوە، چوو لەبەر هەتاوەکە وەستا تا وشک بێتەوە. بینی دەست و قاچی سەوز نییە. وتی: «هێی ماسی! کە دەست و قاچم سەوز نییە، بۆچی وتت حەپۆل!؟»
ماسی وتی: «لەبەرئەوەی کە کەوتیت.»
کاریلەش سەبەتەکەی هەڵگرتەوە. عەلەفی تازەی لێ کردەوە و گەڕایەوە بۆ لای دایکە خۆڵەمێشییەکەی.
ئەم جارە جوان سەیری بەرپێی خۆی دەکرد،
تا دووبارە حەپۆل نەبێت.






Blush
بلووش

# من ورچێکی تەمبەڵم!

له فارسییەوە: ئارین هیوا

خۆشحاڵم بە ناسینی تۆ!
من زۆر زۆر هێواش هێواش بە ڕێگادا دەڕۆم.
من لە ڕۆژێکدا تەنیا چەند مەترێک لە شوێنی خۆم دەجووڵێم!
هەر لەبەر ئەوەیە ناوی منیان ناوە تەمبەڵ!



## ئەمە ناسنامەی منە

**ناو:** تەمبەڵ. **کێش:** ٤ کیلۆگرام.

**ناوی زانستی:** bradypus tridactylus (بە زمانی لاتینی واتە
ئەوەی بە ئارامی لەسەر سێ پەنجەی دەڕوات).

**خزم و ناسراوەکان:** مشەخۆرەکانی وەک مێرووخۆرەکان، ٤ جۆر تەمبەڵی
سێ پەنجە و ٢ جۆر تەمبەڵی دوو پەنجە.

**شوێنی ژیان:** تەنیا لە دوورگەکانی برۆنای لە باشووری ئاسیا.
دارستانە باراناوییەکانی ئەمەریکای باشووری.

**درێژیی تەمەن:** زیاتر لە ٣٠ساڵ، بەڵام زۆربەی کاتەکان نزیک
بە ١٢ ساڵ.

**ڕەچەڵەک:** بە گەورەیی فیل بوون و ١٠,٠٠٠ ساڵ پێش لەناوچوون و
فەوتاون.





## ئەو ڕۆژەی تێگەیشتم شەیدای خەوتنم!

ئەو ڕۆژە خۆم هەڵواسیبوو بە لقی درەختێکدا و خەو بردمیەوە.
١٥ تا ١٨ کاتژمێرێک خەوتم.
لە هەر دەقیقەیەکدا تەنیا ٦جار هەناسەم دا.کاتێک خەبەرم بووەوە، ئەو منداڵە تەمبەڵەی لەسەر سکم خەوتبوو خەبەری بووەوە و وتی:
- برسیمە!
تەمبەڵە بچووکەکەم لەسەر تەختە خەوەکەی نانی بەیانی خوارد!



**ئەو ڕۆژەی تێگەیشتم کە تەمبەڵەکانیش خواردنیان دەوێت!**

ئەو ڕۆژە خەریک بوو لە برسا دەمردم. لە کۆتاییدا دەستم درێژکرد تا بگاتە گەڵایەک. بە جۆرێک فین فینم کرد تا بۆنی گەڵاکەم زانی. بە لێوەکانم گەڵایەکم لوولدایە ناو دەمم. منداڵە تەمبەڵەکەیشم بۆنی گەڵاکەی کرد و دواتر تامی کرد. ئای گیان. گەڵاکان چەندە بەتامن!
ئەمە یەکێکە لەو ٣٠ جۆرە گیایەی دارستانە باراناوییەکان، کە خۆراکی بەتامی بەندەیە.



**ئەو ڕۆژەی (پی پی)م هەیە!**

ئەو ڕۆژە لە کۆتاییدا پاشەوپاش لە
درەختەکە هاتمە خوارەوە. یەک هەفتە
بوو کە (پی پی)م نەکردبوو. هێشتمەوە!
بەکلکە کورتەکەم زەوییەکەم چاڵ کرد
تا لەناو ئەودا (پی پی) بکەم.
ئۆخەیش، پشووم دا!





کاتێک گەڕامەوە، بڕیارم دا درەختێکی تر بدۆزمەوە. ئارام ئارام هەنگاوم هەڵهێنا. بە پەنجەکانم جەستەم بردە پێشەوە.خێرایی جوڵەم زۆر سەرسوڕهێنەرە. ئەوەندە بە ئارامی دەڕۆم، کە دەقیقەیەکی پێ دەچێت بۆ ئەوەی چوار دانە مەتر بڕۆم.
لەسەر ڕێیەکەمدا گەیشتمە ڕووبارێک.



خۆم هەڵدایە ناوی و مەلەم کرد. لەگەڵ ئەوەی پێستم پڕە لە مووی ئەستوور و پڕ، بەڵام بە ئاسانی لەناو ئاوەکەدا مامەوە. بە چەند جووڵەیەکی دروست و حسابی خۆم گەیاندە کەناراوەکە. چونکە یەک درەختی پڕ لە گەڵام لەوێ دی. چ شوێنێکی باش! ئیتر پێویستی نەدەکرد بۆ چەند هەفتەیەک بە شوێن خۆراکدا بگەڕێم.

# من وزە کۆدەکەمەوە و ..



***پێستی ئەستوور:**

مووەکانی پێستم زۆر تێکڕژاون. ئەو موانە جۆرێک لە پێستەکەم دەرهاتوون کە ئاوی باران ناهێڵنەوە و گلی نادەنەوە. بەم جۆرە ئەو کاتەی لەسەر درەخت یان پشت و ڕووم لێیەتی، ئاو ناچێتە پێستمەوە.




## فێڵە بەسوودەکانم



*** من وزە کۆدەکەمەوە و دەیپارێزم:**

**ئەو گەڵایانەی دەیان خۆم زۆر وزەم پێ نابەخشن. هەر لەبەر ئەوەیە جوڵەم هێواش و ئارامە. پلەی گەرمیی جەستەم تا ٢٥ پلەی سیلیزی دەتوانێت بێتە خوارەوە، بێ ئەوەی زیانم پێ بگات.**



# .. دەیپارێزم



* **سەری بچووک:**
من سەرێکی بچووک و ملێکی زۆر نەرم و چەماوەم هەیە، کە ٩ قۆرت و خڕی تێدایە. ئەمە مانای وایە کە بۆ بینینی پشتە سەرم دەتوانم سەرم بسوڕێنمەوە.

* **پەنجەی درێژ و چەماوە:**
سێ دانە لە پەنجەکانم ٥ تا ٦ سم دەبن. پەنجەکانم وەک قولاپن و هەمیشە لە دەرەوە دەتوانم بە هۆیانەوە خۆم بە درەختەکانەوە بنووسێنم.

* **دەستی درێژ:**
دەستەکانم بە نزیکەیی دوو بەرانبەری قاچەکانمە. بەم شێوەیە و بێ جووڵە گەڵا دوورەکانی پێ دەگرم.

* **پەنجەکانی پێ:**
پەنجەکانم درێژ و قولاپین، بۆ مانەوە لە کاتی خەوتندا لەسەر لقە درەختەکان. بەو شێوەیە دەتوانم بمێنمەوە و پێیانەوە بنووسێم و نەکەومە خوارەوە.



* **تەواو بەرگری لە خۆم دەکەم:**
**من لە سەرەوەی درەختەکان دەمێنمەوە، پێستم چەند چینێک مووی کورت و درێژی تێدایە، مووەکانی جەستەم بەرگری زۆر باشم لێ دەکەن و لە سەرما و گەرما دەم پارێزن. جگە لەوە مووەکانیشم دژە ئاون.لەناو پێستمدا مێروو و بەکتریای وەها دەژین، دەتوانن پێستم بە ڕەنگی وەها بگۆڕن، کە بم شارنەوە و لە کاتی گرفتدا بم پارێزن.**

* **من خۆم لەبەر خۆردا گەرم دەکەمەوە:**
**من لە سەرەوەی درەختەکان دەمێنمەوە تا بە ڕووناکی خۆر خۆم گەرم بکەمەوە. ڕۆژانە پلەی گەرمیی جەستەم تا ٥٣ پلەی سیلیزی دەچێتە سەرەوە، بۆ ئەوەی بتوانم خواردنەکانم باشتر هەرس بکەم.**

# تاقیکردنەوەی ژیـــری

**1**

زەبەلاحترین کتێبخانەی دنیایە و
زیاتر لە دە ملیۆن کتێبی تیادایە،
جگە لە ڕۆژنامە و گۆڤار ە
دەستنووس.

ناوی چییە؟





**2**

لەو ژمارانەی
ناو بازنەکان
وردبەرەوە،
کە بە شێوەی مرۆڤ
دروستکراون و
سەر و دەست و
قاچیان هەیە،
ئینجا ئەو
ژمارەیەی
ناو سەری
دوا شێوە
بدۆزەرەوە.




**3**

●●●●●●●

دەروەنێکە لەنێوان
دەریای سوور و
کەنداوی عەدەن دا
کە بە دەرگای
خوارووی دەریای
سوور دادەنرێت.



**4**

گەورەترین کێڵگەی
نەوتی جیهان
دەکەوێتە کام
لەم دەوڵەتانەوە؟

أ شانشینی سعودیە

ب دەوڵەتی ئیمارات

ج ڤەنزویلا

د دەوڵەتی کوەیت

ه کۆماری عیراق



5

پووکانەوە هاووتای کام لەو وشانەی لای خوارەوەیە؟

أ هەرەسهێنان
ب لاوازبوون
ج زۆربوون
د بەهێزبوون
هـ بنیاتنان

6

وردە پارچەی شوشە و مەڕمەڕی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر کەچ و چیمەنتۆ ڕێک دەخرێت بۆ دروستکردنی وێنەی جوان، چی پێ دەوترێت؟

أ سیرامیک
ب خشتی سوور
ج مەڕمەڕ
د بلۆک
هـ بەرد





7

دەڵێین «خورپەی دڵ» و «....... چاو».

8

پەیوەندیی زکۆڵە بە دڵەوە وەک پەیوەندیی ....... یە بە چاوەوە

9

ژمارەی نادیار لە زنجیرەکەدا بدۆزەرەوە

334 299 264 229 ؟



10

شیوەکارێکی پایەداری هونەری نوێ (١٨٢٩-١٩٠٦) سەرکەوتوو بوو لە کێشانی سروشت و وردەکار بوو لە لێک جیاکردنەوەی ڕووناکی و سێبەردا.

أ سیزان
ب پیکاسۆ
ج گۆیا
د دلاکروا
هـ رامبرانت



# ئامۆژگارییەکانی ژیاری ژیر

وەرگێڕانی: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

## وەرن با گەشبین بین

گەشبینی تیشکی ڕووناکیەکە کە دنیای ئێمە پڕ لە شادی و خۆشی دەکات، لە کاتێکدا ڕەشبینی ئەو شوێنە تاریکەیە کە سەرنەکەوتووەکان تیایدا دەمێننەوە. کەواتە ئەم بانگهێشتە، بانگهێشتێکە شایستەی هەموانە... بانگێشتێک بۆ گەشبینی.




گەشبینی مرۆڤ خۆشەویست دەکات:
گەشبینی بزەیەکی هەمیشەیی بۆ هەموان دەهێنێتە سەر لێو، لەکاتێکدا ڕەشبینی ڕوو گرژ دەکات.

ئێمە دەبێت گەشبین بین:
گەشبین هەمیشە ژیانو دەورووبەرەکەی بە باشی دەبینێ و لە کۆتاییشدا ئەنجامی باش بەدەست دەهێنێت.





ئەگەر ڕووبەڕووی گرفتێک بووینەوە:
گەشبینی یارمەتیمان دەدات بە خێرایی زاڵ بین بەسەریداو بە کۆششی زۆر و دڵکاریو ئارەزووی بەدەستهێنانی سەرکەوتن تێی پەڕێنین، بەڵام ڕەشبینی دەبێتە هۆی قبوڵکردنی شکست و لاڵانەوە.






### گەشبینیمان بەڵگەیە لەسەر باوەڕمان:

دەبێت لەکاتی ناخۆشیو تەنگانەدا باوەڕمان بە سەرکەوتن لەق نەبێ و بە گەشبینییەوە بڕوانینە داهاتووی خۆمان.



### دەروونەدروستی:

پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە گەشبینییەوە هەیە، کاتێ گەشبینین تەندروستیمان باشە، ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر ژیانمان هەیە. بەپێچەوانەوە ڕەشبینی بەردەوام کەسەکان دەخاتە دۆخی دڵتەنگی و گۆشەگیرییەوە.



### دوورکەوتنەوە لە هاوڕێیانی نێگەتیڤ:

هەروەها لەو کەسانەی ژیان بە ڕەشی، خەم، ئازارو شکست دەبینن، چونکە ڕەنگە وزەی نێگەتیڤ لە ڕەشبینی بۆ ئێمە بگوازرێتەوە.



# ترێ



ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی ڕووبەری ئەو زەوییانەی
لە جیهاندا ترێی تیادا چێنراوە
بە ٧٥٨٦٦ کیلۆمەتر دووجا دەخەملێنێ.

وەرن با ئەو دە دەوڵەتە بناسین کە لە ڕیزی پێشەوەی بەرهەمهێنەرانی ترێن.



**چین**
10,2 ملیۆن تەن

**هیندستان**
2,82 ملیۆن تەن

**تورکیا**
2,35 ملیۆن تەن

**دەوڵەتەکانی EU**
1,695 ملیۆن تەن

**ویلایەتە یەکگرتووەکان**
1,007 ملیۆن تەن

**بەرازیل**
970 ملیۆن تەن

**چیلی**
915 ملیۆن تەن

**پیرۆ**
605 ملیۆن تەن

**باشووری ئەفریقا**
325 ملیۆن تەن

**مەکسیک**
280 ملیۆن تەن



مرۆڤ نزیکەی ٨٠٠٠ ساڵە لە ڕۆژهەلاتی نزیک ئاشنایە بە ترێ و چاندوویەتی و سوودی لێ وەرگرتووە.

٪٢ ی بەرهەمی ترێ لە جیهاندا وشک دەکرێت و دەکرێتە مێوژ، ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشڕەوی بەرهەمهێنانیەتی

ترێ وەک دەرمانخانەیەکی تەواوە لەبەر ئەو هەموو سوودەی هەیەتی و دەوڵەمەندبوونی بە ڤیتامینەکان.



لەگەڵ ئێمەدا کورسی خۆتان بگرن
بۆ فڕین بە جیهانی هونەری حەوتەمدا.
باسی خۆشترین فلیم کارتۆنەکانتان
بۆ دەگێڕینەوە.




# سینەما

لە عەرەبییەوە
ئازاد تەها



## خەونەکانت بەدی بهێنە
## واز لە سیلەی ڕەحم مەهێنە

## COCO

ئاساییە خەمبار بین، کاتێک یەکێک لە خۆشەویستانمان دەمرێت، ڕەنگە هەندێکجار هەست بە تەنیایی بکەین کاتێک بیری لێ دەکەینەوە و بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ کارەساتەکە دەژین و لەگەڵ دیارنەمانیدا ڕادێین، بەڵام سوورین لەسەر ئەوەی هەمیشە لەدڵماندا بمێنێت، تکادەکەین کە ڕۆشتبێت بۆ جیهانێکی باشتر. ئایا هەرگیز ڕۆژێک شێوەی ئەو جیهانەتان هێناوەتە بەرچاوی خۆتان کە ئازیزە کۆچکردووەکانمان بۆی دەڕۆن؟

فلیمی (COCO ) بەرهەمی کۆمپانیای (بیکسار) و (دیزنی) ە و بە باشترین ئەنیمەیشن دادەنرێت لە مێژوودا ! بە تایبەتی ئەوانەی دروستیان کردووە ئەو کەسانەن کە خۆیان دروستکەری فلیمەکانی (Toy story) و (Finding Nemo) و (inside out)ن و فلیمەکە خەڵاتی (ئۆسکار)ی بەدەست هێناوە بۆ باشرین فلیمی ئەنیمەیشن لە ساڵی ٢٠١٧ دا، سەرەڕای دەیان خەڵاتو پاڵاوتنی تر بۆ وەرگرتنی خەڵات.



چیرۆکی فلیمی (CO CO) باسی کوڕێک دەکات بە ناوی (میگێل) کە حەزی لە مۆسیقایە، بەڵام ئەندامانی خێزانەکەی بەرهەڵستی ئارەزووەکانی دەکەن و لە بەکارهێنانی سۆز قەدەغەی دەکەن. هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕقی بۆماوەیان لە مۆسیقا، پاش ئەوەی یەکێک لە باپیرانی (میگێل) خێزانەکەی جێهێشتووە، تا خۆی تەرخان بکات بۆ جیهانی مۆسیقا و گۆرانی. میگێل بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت خەونەکانی بەدی بێنێت. ناچار بە دزینی گیتار دەبێت لە گۆڕستانی گۆرانیبێژێکی بەناوبانگ، تا بەشداری پێشبڕکێیەکی گۆرانیوتن بکات، بەڵام کتوپڕ خۆی دەبینێتەوە گوازراوەتەوە بۆ جیهانی مردووەکان، تا ببێتە تاکە بوونەوەری زیندووی گیرخواردوو لەنێوانیاندا. لێرەوە سەرکێشیەکانی دەست پێ دەکات بۆ گەڕانەوەو ئاشکراکردنی زۆرێک لە نهێنیەکان.



سەرەڕای ئەوەی فلیمەکە مردن لەخۆ دەگرێت و ئێسکە پەیکەری زۆری تێدایە، هەرچۆنێک بێت پڕە لە خۆشی و هەڵوێستی پێکەنیناوی و فێری زۆر بەهامان دەکات: لەوانە سووربوو لەسەر بەدیهێنانی خەونەکان و لێبووردەیی و وەفا.

گۆرانی (Remember Me) لە فلیمی (coco)دا کاریگەری لەسەر خەڵکانێکی زۆر هەبووە و خەڵاتی (ئۆسکار)ی باشترین گۆرانی ڕەسەنی بردووەتەوە. گۆرانیەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئازیزەکانمان بە زیندوویی دەمێننەوە مادام ئێمە یادیان دەکەینەوە.

# 10 جیاوازی

دوو وێنەی هاوجووتمان لەبەردەمدایە،
بەڵام ١٠ جیاوازی لەنێوانیاندایە،
ئایا دەتوانیت بە ٥ خولەک بیان دۆزیتەوە؟






گەنجینەی
ون
ئەگەر لەو ڕێونەی یەکەم ڕزگارت بوو، ئایا دەتوانیت ڕێونەی دووەم ببڕیت و بگەیتە گەنجینەکەی سەرەوە؟

# کونەپەپوو



**باڵندەیەکی چالاکی شەوە، خاوەنی هەستێکی بیستنی بەهێز و دوو چاوی گەورەیە کە بینینی لە شەودا بۆ دەستەبەردەکەن. بە هێمنی دەفڕێت و باڵەکانی لە کاتی فڕیندا دەنگ دەرناکەن، ئەمەش بۆ ڕاوکردن یارمەتیدەرە.**

**پێداویستیەکان:** لوولەیەکی کارتۆنی، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ، لیم و مقەست.

**شێوازی کارکردن:**

**١- بەشی سەرەوەی لوولە کارتۆنیەکە دەنووشتێنینەوە بۆ ناوەوە (وەک لە وێنەکەدا دیارە).**

**٢- کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر شێوەی لاکێشە دەبڕین و ئینجا وەک پەڕ بە مقەست لایەکی دەبڕین.**

**٣- هەنگاوی دووەم لەگەڵ چەند کاغەزێکی ڕەنگاوڕەنگ دووبارە دەکەینەوە.**

**٤- لەسەر کاغەزی سپی دوو چاوی گەورە دروست دەکەین و خاڵی ڕەش لە ناوەڕاستیاندا دادەنێین.**

**٥- لەسەر کاغەزی تر لووت و بەشێک لە سکی کونەپەپووەکە دەکێشین و ڕەنگیان دەکەین و دەیان نووسێنین بە وێنەکەوە.**




**ئێستا کونەپەپووەکە ئامادەیە بۆ بە شەو چاودێریکردن.**



# بەهرەی هونەری



## ئەم وێنەیە تەواوبکە و ڕەنگی بکە





# تەندروستی و لەشجوانیم

